# سوره‌تی زه‌مه‌ن.

هه‌ژار خۆشناو

به‌ خه‌نده‌یه‌كی پاكه‌وه‌ چۆنی ئێتره‌ * . . ؟
ئێستا له‌ كام باخچه‌ی. . ؟
له‌گه‌ڵ كام په‌پووله‌ گۆرانی بۆ سروشت ده‌چری. . ؟
چ كاتێك ده‌بیته‌ ئه‌و پاساره‌ گه‌رۆكه‌. . ؟
پیاسه‌ به‌سه‌ر ده‌ریا شه‌پۆڵ داره‌كان ده‌كه‌ی. .
ده‌نیشیته‌ ئه‌و كه‌شتیه‌ له‌نگه‌ر گرتوانه‌ی
سه‌ر نشینه‌كانی ئه‌و هه‌ورانه‌ن
ده‌بارنه‌ هه‌نگاوه‌كانی نزای ئه‌شكێكی شه‌كه‌ت. .
بۆ گوێ هه‌ستیار ده‌كه‌ی. . ؟!
كاتێ گه‌ڵا زه‌رده‌ وه‌ریووه‌كان
شینی سوره‌تی زه‌مه‌ن ده‌گێرن
چ سۆزێكه‌ پرسه‌ ده‌گێری
بۆ ئه‌و باڵنده‌ مه‌ستانه‌ی
پێكه‌وه‌ كۆرسی قه‌ده‌رێكی چاوه‌ڕواننه‌كراو بوون
به‌ هیوای كام به‌هاری
تا یاده‌كانت نۆژه‌ن كه‌یته‌وه‌
سه‌ما له‌گه‌ڵ په‌ریه‌ نورانیه‌كان بكه‌ی
ئه‌ی ئه‌شكی دڵشكاو دیداره‌كانت كۆكه‌ره‌وه‌
ئیتر دۆستایه‌تی ئه‌و گوڵه‌ سیسانه‌ مه‌كه‌
كه‌ په‌پووله‌كان ده‌ره‌نجێنن
به‌ ئومێدی ئه‌و كارونه‌ به‌
تێنووسێكی پڕ له‌ شیعری دڵداریت بۆ دێنێ
به‌ سوێندی زه‌مانه‌ بروا مه‌كه‌
ئه‌مه‌ ئاپۆرایه‌كه‌
میهر ده‌توێنێ.

08/04/2003-Italia;Polla (Sa)

hajarkhoshnaw@yahoo. it

* (Enza) ئێتره‌:ناوێكی مێینه‌ی ئیتالیه‌ به‌مانای سه‌ر كه‌وتن دێ.

دیاری و پێشكه‌شه‌ به‌ خاتوو ( ENZA CASALE)ی مه‌زن .

كوردستان نێت www.kurdistannet.org